## سەرۆک کۆمار داوا لە موقتەدا سەدر دەکات بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتودا بکات



عەبدوڵڵەتیف جەمال ڕەشید سەرۆک کۆماری عێراق ئەمڕۆ هەینی نامەیەکی ئاراستەی موقتەدا سەدر سەرۆکی ڕەوتی سەدر کرد و داوایکرد، بەشداری لە هەڵبژاردنی داهاتودا بکات و بڕیارەکەی بۆ بایکۆتی پرۆسەکە هەڵبوەشێنێتەوە .

عەبدوڵڵەتیف جەمال ڕەشید لەو نامەیەکدا داوای لە موقتەدا سەدر کردوە، بڕیارەکەی بۆ بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق کە بڕیارە لە مانگی (تشرینی دوەم/11)ی 2025 ئەنجامبدرێت هەڵبوەشێنێتەوە و بەشداری لەو پرۆسەکەدا بکات.

مانگی ڕابردو موقتەدا سەدر بەشداری نەکردنی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتودا ڕاگەیاند و ئاماژەی بە "گەندەڵی و گەندەڵکاران" کرد، هاوکات ڕایگەیاندبو عێراق "دوا هەناسەی خۆی بەخۆیەوە دەبینێت".

لە مانگی (حوزەیران/6)ی 2022، سەدر بڕیاریدا لە پرۆسەی سیاسی عێراق بکشێتەوە و بەشداری

